# الله به هۆی منەوە لە ئومەتەکەم خۆش بووە لە سەر هەڵەکردن ولە بیرکردن ولەو شتانەی کە ناچار کراون لە سەر ئەنجامدانی

لە ئیبن عەباسەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموویێت: «الله بە هۆی منەوە لە ئومەتەکەم خۆش بووە لە سەر هەڵەکردن ولە بیرکردن ولەو شتانەی کە ناچار کراون لە سەر ئەنجامدانی».

[قال النووي: حديث حسن] [رواه ابن ماجه والبيهقي وغيرهما]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە الله لە سێ حاڵەتی ئوممەتەکەی خۆش بووە: یەکەمیان: هەڵە، ئەمیش ئەوەیە کە موسڵمان بە کردەوەکەی مەبەستی شتێک بێت، بەڵام کردەوەکەی شتێکی تر بپێکێت جگە لەوەی کە مەبەستی بووە. دووەمیان: لەبیرچوون، ئەویش ئەوەیە کە موسڵمان شتێکی لەبیر بێت، بەڵام لە کاتی کردەوەکەدا لەبیری بچێتەوە، لەمەیشدا گوناهی لەسەر نانووسرێت. سێیەمیان: ناچارکردن (زۆرلێکردن)، لەوانەیە بەندە زۆری لێبکرێت وناچار بکرێت بۆ کردنی شتێک کە نایەوێت ئەنجامی بدات؛ لەگەڵ نەبوونی توانای بەرپەرچدانەوەی زۆرلێکردنەکە، و لەم کاتەیشدا گوناهی لەسەر نانووسرێت یان هیچ شتێکی لەسەر نییە. لەگەڵ تێبینی کردنی ئەوەی کە بابەتی فەرموودەکە سەبارەت بە نێوان بەندە و پەروەردگارێتی لە کردنی قەدەغەکراودا، بەڵام وازهێنان لە فەرمانپێکراو بەهۆی لەبیرچوونەوە؛ نابێتە هۆی لاچوونی فەرز و واجبێتی فەرمانپێکراوەکە. هەروەها ئەگەر کردەوەکەی ببێتە هۆی تاوانێک؛ ئەوا مافی بەندەکان لاناچێت، وەکو ئەوەی بە هەڵە کەسێک بکوژێت، ئەوا خوێنبایی -دیەی- لەسەرە، یان بە هەڵە ئۆتۆمبێلێک تێکبدات، ئەوا قەرەبووی لەسەرە.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/4216